عێراق و کوردستان و ئاییندە!

کیفاح مەحمود کەریم

چوونە نێو قووڵایی مێژوو بەقەد ئەوەی بە هێندێ زانیاری دروستمان دەگەیەنێت، لە هەمان کاتیشدا وێنەیەکی تاریکی رووداوەکانی بەلای کەمەوە سەدەیەک لە رابردوومان بۆ دەخاتەڕوو. بۆ ئەوەی باری خوێنەر قورس نەکەم لێرەدا بەخێرایی ئاماژە بە هێندێ لاپەڕەکانی مێژووی ئەو ناوچەیە دەکەم. کە ئێستاشی لەگەڵدابێت ناوچەکە لە هەڵچوون و تەقینەوەدایە ئەو بورکانانەی بەدرێژایی مێژووەکەی دروستکراون گڕی ئاگریان هەر لێ بەرز دەبێتەوە تەڕو وشکی ئەو نەتەوانەی لەو ناوچە نیشتەجێ بوونە، پەتای عەقیدەو ئایدیۆلۆجیای خێڵەکی و نەتەوەپەرستی کوشندە سەرانسەری ناوچەکەیانی تەنیوەو هەر هەموویان پێکەوە دەسووتێنێ.

هەروەک یەکێ لە دیبلۆماسییە ئەمریکییەکان لە کاتی واژوو کردنی ڕێککەوتننامەی لۆزان باسی لێوە دەکات گرکانەکەی چەندین شەڕو کارەساتی ناسۆری لێکەوتەوە، بە ملیۆنەها مرۆڤی سەر بەتەواوی نەتەوەو نەژادو ئایین و مەزهەبەکانی ناوچەکە بوونە قوربانی، ڕەنگە ئەوەی لەسەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەر کوردو ئەرمەنەکان هێنران دەستپێکی کارەسات و مەینەتییەکان بێت، ئەمەش دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە ڕەگەزپەرستەکان بە هەموو شێوازە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانیانەوە سوورن لەسەر سەپاندنی دەسەڵاتێکی شمولی کوشندە، ئێستاشی لەگەڵدابێت بلێسەی ئاگری بورکانی ناوچەکە بەتین هەڵدەستێت خامۆش نەبۆتەوە، ئا ئەوەتا داعش بە کردارە قێزەوەنە تایفییەکانی، تازەترین داهێنانیان لە نانەوەی کارەسات و مەینەتیی بەسەر عێراق و سووریا داهێنا.

لە عێراق و کوردستاندا زیاتر لەسەد ساڵ زیاترە کوردستانییەکان لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتێکی شارستانی دیموکراتی لەگەڵ هاوبەشە عەرەبەکان و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە لە هەوڵی بەردەوام دان، دەوڵەتێک پشت بە بنەماکانی هاووڵاتی بوون و پاراستنی مافی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ببەستێت لە دوای ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆی بەدناو، لە یەکەم هەنگاویاندا کوردستانیان لە ڕاپرسییەک لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلانی ئەوکات لە چارەکی یەکەمی سەدەی ڕابردوو ناسنامەی عێراقییان بە ولایەتی موسل بەخشی، بەو هیوایەی هاوبەشەکانی دیکەیان لە مەملەکەتی عێراق (ولایەتی بەغداو ولایەتی بەسرا) ئەو بەڵێنانەی بە گەلی کوردیان دابوو لە دوای پێکهێنانی دەوڵەت و چەسپاندنی بنەمەکانی، جێبەجێ بکەن و مافە مرۆیی و کەلتووری و سیاسییەکانیان لە دەوڵەتە نوێیەکە پارێزراو بێت، بەڵام پاش تێپەڕبوونی هەشتا ساڵ حکوومەتە یەک لەدوایەکەکانی بەغدا نەک ئەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو جێبەجێیان نەکرد، بەڵکو هەڵمەتێکی سەربازی وێرانکاریان بۆ سەر گەلی کوردستان دەست پێکردو تیایدا جۆرەها چەکی خاپوورکاری سووتێنەرو کیمیایی و ناپاڵم کە لە جیهاندا بەکارهێنانی قەدەغە کراوە بەکاریان هێنا، ئەمە جگە لە گرتنەبەری سیاسەتی سووتاندنی خاکەکەی و لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمیش پرۆسەی بەدناوی ئەنفالیان لە یەک لەسەر سێی ڕووبەری خاکی کوردستان ئەنجام دا بەهۆیەوە چارەگە ملیۆنێک مرۆڤ کرانە قوربانی و پێنج هەزار گوندو لادێ بە ڕەزو باغ و کانیاوەکانییەوە وێران کران و زیاتر لە هەشت هەزار بارزانیان کوشت، لە حەفتاکانی هەمان سەدە بە سەدەها هەزار کوردی فەیلیان بێ سەروشوێن کردن و ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندنەوەو خانەوادەکانیشیان بەزۆر ڕەوانە ئێران کردن، لە شارە هاوسنوورەکانی کوردستان لەگەڵ عێراقی عەرەبی وەک کەرکووک و شەنگاڵ و زەممارو مەندەلی و دەشتی نەینەواو شێخان و عەقرەو چەند ناوچەیەکی دیکە بە درێژایی نیوسەدە (1958-2014) سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیموگرافی پەیڕەو کرا. لە کۆتاییشدا لە (حوزەیران و ئابی 2014) نواندنی ئاسانکاری بۆ داگیرکردنی چەند بەشێک لە کوردستانی عێراق لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئەنجامدانی قێزەوەنترین تاوان بەرامبەر ئێزدی و مەسیحییەکان لە شەنگال و دەشتی نەینەوا.

بەڵام سەرەڕای ئەو کارەسات و نەهامەتیانە، کورد لە خەبات و کارکردن لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتی هاووڵاتی بوونی سەردەمیانەی دیموکراتی بەردەوامبوون، تا بە هاوبەشییەکی ڕاستەقینە عێراقێکی یەکگرتوو بپارێزن دڵسۆزانە برینەکانی ڕابردوو چارەسەربکەن و قەرەبووی ئەو زیانانەیان بۆ بکرێتەوە کە پێشتر بەسەریان هێنابوون، هەر بەو گیانە لە ئاداری ساڵی 1970 چوونە بەغدا بەو ئومێدەی دەسەڵاتی نوێ لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد جدی بێت، پێشتریش لە شەستەکان هەمان کاریان لەگەڵ عەبدولرەحمان بەزاز ئەنجام دا، بەڵام لە هەقیقەتدا هەمیشە لایەنی دووەم نیاز پاک نەبوون، حکوومەتە یەک لەدوا یەکەکانی بەغدا هەر هەموویان سیاسەتی پەرت و بڵاویان بکە ئینجا بیان پێکەی لەگەڵ گەلی کوردو سەرکردایەتییەکەی پەیڕەو دەکرد، لە ساڵی 1975 تاک لایەنانە یاسای گاڵتەجاری ئۆتۆنۆمی حکوومەتیان بەسەر گەلی کورد چەسپاند، بەڵام هەرزوو شکستی هێناو زنجیرەیەک مەینەتی و شەڕی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا باشترین کوڕو کچی کوردستان بوونە قوربانی، هەروەها ژمارەیەکیش لە ڕۆڵەکانی عێراق کە دوور لە ویستی خۆیان بەناچاری بەشدارییان لە شەڕەکە پێ کردبوون بوونە سووتەمەنی شەڕە نەگریسەکانیان. سیاسەتە چەوتەکانیان لە تەشەنەسەندنی زیاتری ململانێ و وێرانکاری و دواکەوتوویی وڵات هیچی دیکەی لێنەکەوتەوە. تا ئەو کاتەی لە ساڵی 2003 هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕژێمی سەدام و حزبەکەیان ڕووخاند، کە هۆکاری سەرەکیی زۆربەی کارەسات و نەهامەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون تا بەئەمرۆش دەگات.

تەنانەت کوردستانییان دەستبەرداری ئەو سەربەخۆبوونەشیان بوون کە لە ئاکامی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ساڵی 1991 ز کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری لەسەردابوو بە پێی (بڕیاری 688) ئەنجوومەنەکە چەسپابوو، هێنابوو. لە پێناو پاراستنی یەکێتی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی هاونیشتیمان و هاوبەشی هەقیقی لە ژێر چەتری دیموکراتی ڕاستەقینەو سیستەمێکی شارستانیانەو سەردەمیانە بەپەلە چوونە بەغدا تا بەشداری لە نووسینەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق پاراستنی تەواوی مافی گەلانی و ڕێزگرتنی ویستەکانیان لە دەوڵەتێکی فیدراڵی ئیختیارییانە (دوور لە تایفەگەری و ڕەگەزپەرستی و ناوچەگەرێتی و جیاکاری و پەراوێزخستن) کە لەدەقی دەستوورەکەشدا هاتووە (تەنیا پابەندبوون بەو دەستوورە یەکگرتوویی خاک و گەل و سەروەری عێراق دەپارێزێت).

بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دەساڵ بەسەر دەرچوونی (دەستووری هەمیشەیی) دانانی مەرجی پابەندبوون پێیەوە، ئایا چیمان لە حوکمڕانانی بەغدا دەستکەوت؟

- دوای ئەوەی ڕێککەوتبووین کە وڵات دیموکراتی و شارستانی بێت، وردە وردە سیستەمی دەسەڵاتیان بەرەو تایفەگەری گۆڕی.
- گەورەترین قەوارەی نێوپەرلەمان (دەوڵەتی یاسا) سەرپەرشتی هەڵمەتێک لە پێناو چەسپاندنی سیستەمی زۆرینەی سیاسی دەکات، بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکەشی هەمان شێوازی حزبی بەعس کە دروستکردنی کۆمەڵێک لە بەکرێگیراوان لە نێو کوردستان پەیڕەو دەکات گوایە ئەوانە نوێنەری گەلی کوردستانن نمایشیان بکات.
- ئابلووقەدانی هەرێم لە ڕووی ئابووری و نەناردنی بەشی هەرێم لە بوودجەی گشتی لە ساڵی 2014 تاکو 2017 و بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی کە بڕەکەی زیاتر لە پەنجا ملیار دۆلارە.
- پشتگوێ خستن و پەراوێزخستنی سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەو گرتنەبەری سیاسەتی لەخۆگرتن و تواندنەوە، هاوشێوەی ڕژێمەکانی پێشوو تەنیا کۆکردنەوەی کەسە خۆپەرست و هەڵپەرستەکانی نێو پێکهاتەکانی دیکەی لە دەوری خۆی.
- داخستنی نووسینگەی نوێنەرایەتی هەرێم لە باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوە کە ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە.
- لابردنی تەواوی ئەندامانی پێکهاتەکانی دیکە لە هێزە چەکدارەکان و ئاسایش و هەواڵگری و پەراوێزخستن یا دوورخستنەوەیان لە پێگەی بڕیاردان.
- دامەزراندنی میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی دامەزراوەی هێزە چەکدارە نیشتیمانییەکان لەسەر بنەمای تایفی، ڕازاندنەوەیان بە ئەکسسوارتی عەشیرەتگەری و کەسایەتییە لەرزۆکەکانی پێکهاتە جیاکانی دیکە کە تەنیا لە خۆی زیاتر نوێنەرایەتی هیچ پێکهاتەیەکی دیکە ناکات.
- بڵاوکردنەوەی گەندەڵیی و بەردەوامی پێدانی و بە فیڕۆدانی هەلی پێشکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنیانە ئەمەش لە ڕێگای بە فیڕۆدانی سەدەها ملیار دۆلار لە داهاتی وڵات.
- پەکخستن یا ڕێگریکردن لە جێبەجێ کردنی مادەکانی دەستوور لەسەروویانەوە مافی دانیشتوانی پارێزگاکان لە دروستکردنی هەرێم و دژایەتی کردنیان، وەک چۆن لەدژی داواکاری دانیشتووانی پارێزگای بەسراو ئەنبارو سەلاحەدین و نەینەوا وەستانەوە، هەروەها پەکخستنی یاسای نەوت گاز و جێبەجێ کردنی مادەی 140 و ئەنجام نەدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

ئەگەر پێشێلکارییەکان هەموو بخەینەڕوو ئەوەندە زۆرن لیستەکە بە ئەندازەی تەواوی ڕووبەری عێراق و پێکهاتەکانی دوورو درێژ دەبێتەوە، تا ئەمڕۆ عێراقیان گەیاندە ڕیزی شکستخواردووترین و گەندەڵترین وڵاتی جیهان تۆقاندن و هەژاری تیایدا تەشەنەی کردووە. ئەمە جگە لەوە هەر لە بنەڕەتەوە سەروەرییەکەی درزی تێکەوتوو و وڵاتانی هاوسێ و نا هاوسێ لە ژێر جۆرەها ناوو ناونیشان دزەیان کردۆتە ناوی، پایتەختەکەشی لە لایەن چەتەو مافیا چەکدارەکان ئەوانەی شەرعیەتیان لە لایەن خواو ئایین و مەزهەب پێ دراوەو لە هەموو گەڕەک و کۆڵانێکدا میلیشیاو حوکمی قەرەقوش و ململانێی تایفی بوونی هەیە. لەبەر ئەو هۆکارانەو لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان لە ڕووی نەژادو نەتەوەو ڕۆشنبیری و مێژوو شارستانیەت و جوگرافیا لە گەلی عێراق بە تەواوی جیاوازە. دوای ئەوەی لە ماوەی سەدەیەکدا نەیتوانی دەوڵەتی هاووڵاتی بوون دروست بکات و ببێتە هاوبەشی هەقیقی لە قەوارەیەکی بەزۆر دروستکراو لە دوو گەل، قسەی خۆی کردو داوای کرد ببنە دوو گەل و دوو دراوسێ بەرهەمدارو تەندروست بە ئاشتی و دوور لە شەڕی خوێناوی و سیاسەتی شۆڤێنی و تایفی بژین، نەک تاکە درەختێکی نەخۆش و بەرهەمێکی شێواو.

واشنتۆن تایمز: عەبادی لە هەوڵەکانی بۆ دوورخستنەوەی سەرکردەکانی حەشدی شەعبی لە هەڵبژاردنەکان شکستی هێناوە

ئێران دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر حکوومەت و پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا بسەپێنێت

بدر جناح عسكري
عصائب اهل حق

چاوەڕوان دەکرێت لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق لەمساڵدا، جودایی بکەوێتە نێومالی حزبی دەعوەی شیعەکان و دابەشی چەند باڵێکی جیاوازیان بکات و هەڵنەوەشاندنەوەی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی و بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکاندا، شکست بە عەبادی دەهێنن.

ڕۆژنامەی (واشنتۆن تایمز)ی ئەمەریکی، لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە داوە، عەبادی شکستی هێناوە لە دوورخستنەوەی سەرکردەکانی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی لە هەڵبژاردنەکان و ئەو سەرکردانە ئێستا لە ڕووی سیاسیشەوە لیستێکی نوێیان دروستکردووە.

ڕۆژنامەکە، ئاشکرای کردووە، ئێستا لیستێکی نوێ لە عێراق بە ناوی هاوپەیمانیی موجاهیدەکان دروستکراوە، کە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی تیایدا بەشدارن و بەنیازن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە دەسەڵاتی سیاسیی عێراق بگرنە دەست.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، ئەو لیستە نوێیە لە لایەن ئێرانەوە بە تەواوی پشتگیری دەکرێت و ئێران دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە هەژموونی خۆی بەسەر حکوومەت و پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا بسەپێنێت.

هەروەها ڕۆژنامەکە نووسیویەتی، لیستە نوێیەکە پێکهاتووە لە ملیشیاکانی بەدر و عەسائیبی ئەهلی حەق و کەتیبەکانی حزبولا و چەند ڕێکخراوێکی تری حەشدی شەعبی، کە سەرجەمیان کار بۆ بەهێزکردنی هەژموونی ئێران دەکەن.

هەر بەپێی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان، عەبادی بە هۆی ئەو شکستەیەوە، ئێستا هەوڵێکی دیکەی بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی حەشدی شەعبی لە عێراقدا دەستپێکردووە، دەیەوێ لە لایەک بە ڕێژەی 50% ژمارەی چەکدارەکانی کە نزیکەی 120 هەزار چەکدار دەبێت کەمبکاتەوە، لە لایەکی دیکەش چەکی قورسی وەکو تانک و زرێپۆش لەو هێزانە وەربگرێتەوە، بەڵام نازانرێت لەوەشیاندا تاچەند سەرکەوتوو دەبێت.

پێشتر، میدیا عێراقییەکان، ئەوەشیان ئاشکرا کردبوو کە هەریەک لە نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و سەرۆکی حزبی دەعوە، بەجیا لە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەکەن، کە وا بڕیارە لە 12ی مانگی ئایاری ئەمساڵدا ئەنجام بدرێت.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، ئێستا ئەمەریکا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە حەیدەر عەبادی، بەو شکستانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، لە بەرامبەر بە هەژموونی حەشدی شەعبی و پشتیوانی نەکردنیشی لە لایەن حزبی دەعوەوە ، کە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەریی فراوانە لە عێراقدا، بە هۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ نووری مالیکی، سەرۆکی حزبی دەعوە، بەو ژمارە کەمە دەنگەشی کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو لە عێراق لە ساڵی 2014 بەدەستیهێناوە، کە تەنیا 5 هەزار و 151 دەنگ بووە، ناتوانێت ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران، لەبەر ئەوە دەیەوێ بەدیلێک بۆ شوێنگرەوەی بدۆزێتەوە، کە بتوانێ بەسەر هێزەکانی نزیک لە ئێران لە عێراقدا سەرکەوێت.

ملیشیای حەشدی شەعبی، لە دوای ڕووداوەکانی 10ی حوزەیرانی ساڵی 2014 و کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ لەسەر بنەمای فەتوایەکی عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دامەزرا. هەر لە سەرەتای دروستبوون و پێکهێنانی حەشدی شەعبییەوە، ئەمەریکا دژایەتیی خۆی بەرامبەر بەو هێزە ڕاگەیاندووە و تا ئێستاش بە پاشکۆی ئێران ناویان دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا تا دێت لە ڕووی سەربازییەوە بەهێزتر دەبن و ساڵانەش عێراق لە پەرلەمانەوە بودجەیەکی گەورەیان بۆ دابین دەکات، ئێستاش ئەو هێزە بە پشتیوانیی ئێران دەیەوێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکات و لەڕووی سیاسییشەوە پێگەی خۆی بەهێز بکات، بەشێکی زۆریش لە باڵەکانی حزبی دەعوە لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە پشتیوانی لەو هێزە دەکەن.